حكومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان
بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

حكومة اقليم كوردستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للأمتحانات
مديرية الامتحانات

ژمارە : MOEK-DEX 23 /　　العـدد: ١٠٢٠
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٣ کوردی　　التأريخ: ٢٠٢٣/٩/٢٦

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی: هەولێر- سلێمانی-دهۆک-هەڵەبجە-گەرمیان -ڕاپەڕین-سۆران-زاخۆ

ب/ ڕێنمایی تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ سالی خوێندنی(٢٠٢٣-٢٠٢٤)

**لە خوارەوە ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەشداریکردنی قوتابیان /خوێندکاران لە تاقیکردنەوەکان بەشێوەی دەرەکی بۆتان ڕەوانە دەکەین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بۆ گشتاندن و ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی جێ بەجێکردن.**

**یەکەم / ڕێنمایی تایبەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلەکانی(٦ و ٧ و ٨ و ٩ ) :**

١- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دەرچووی پۆلی چوارەم یان پێنچەمی بنەڕەتین و مافی دەوامیان لە قوتابخانە و خوێندنگاکانی ڕۆژ دا نەماوە و تەمەنیان لە (١٦) ساڵ زیاترە بۆیان هەیە بە شێوەی دەرەکی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ئەنجام بدەن،بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕەوانەی قوتابخانەکانیان بکرێنەوە و لە هەردوو تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی یەکەم و دووەم،لە گشت بابەتەکان و لەسەر(100)نمرە و بە پێی ڕێنماییەکان بەشداری لە تاقیکردنەوەکاندا بکەن.

٢- ئەو قوتابی و خویندکارانەی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیان تەواوکردووە و تەمەنیان لە (١٦) ساڵ زیاترە و مافی دەوامیان نەماوە لە خوێندنی ڕۆژ ، بۆیان هەیە لە پۆلی (٧) بنەڕەتی و دواتریش لە پۆلی (٨) بنەڕەتی وەک قوتابی دەرەکی بەردەوام بن لە خوێندن و ڕەوانەی قوتابخانەکانیان بکرێنەوە و لە کۆتایی هەردوو وەرز لە هەموو بابەتەکان تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن لە سەر (100 ) نمرە بە پێی ڕێنماییەکان.

٣- هەر قوتابی/خوێندکارێکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بەشداری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم و دووەمی نەکردبێت، کۆدی ئەزموونی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پێنادرێت و پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە دوای تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەم ڕاستەوخۆ لە سستەمی(E-PARWARDA) حاڵەتەکەی بکاتە (بەجێهێشتوو).

٤- نمرەی کۆششی ساڵانەی قوتابی/خوێندکار لە بابەتێک هەرچەندە بێت،بە بێ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی،بە دەرنەچوو هەژماردەکرێت لە خولی یەکەم یان دووەم بێت.

٥- نابێت قوتابی و خوێندکارانی دەرەکی ڕەوانەی قوتابخانەکانی ( ناحکومی و ئێواران و خوێندنی خێرا ) بکرێن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی.

٦- گواستنەوەی قوتابیان/خوێندکارانی دەرەکی پۆلە ناکۆتاکان لە ناو سنووری یەک قەزا و شارۆچکە یان سەنتەری پارێزگاکان ئەنجام نادرێت ،تەنها لە نێوان پەروەردەی قەزاکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا و بە ڕەزامەندەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان ئەنجام دەدرێت لە سیستەمی (e-parwarda) گواستنەوەکە جێبەجێ دەکرێت دوای وەرگرتنی ڕێککارەکان.

**دووەم / ڕێنمایی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە پۆلەکانی(١٠ و ١١)ی ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی:**

١- هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیان بە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی وەزارەتی پەروەردە(یان هاوتاکەی) تەواوکردووە و مافی دەوامیان نەماوە لە قوتابخانەکانی ڕۆژ،دەتوانن وەک قوتابی و خوێندکاری ئێواران یان دەرەکی لە پۆلی



Ministry of Education, Koya Street, Iraq　info@moe.gov.krd　هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کۆیە
ب.ئەزموونەکان // هەردی معروف سعید　www.gov.krd/moe　azmoonakan@gmail.com　Ibrahim nadir

(10) ئامادەیی (زانستی/وێژەیی/بازرگانی) و بەردەوام دەبن لە خوێندن و دەبێت لە هەموو بابەتەکان تاقیکردنەوەی کۆتایی هەردوو وەرز لەسەر( 100)نمرە لە قوتابخانەکان ئەنجام بدەن.

٢- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی بە پێی خاڵی (١)ی سەرەوەدا لە پۆلەکانی(١٠ و ١١) ی ئامادەیی دەردەچن، هاوشێوەی قوتابیان/خوێندکارانی ئاسایی، ڕێژەکانی ( ١٠%) ی پۆلی دەیەم و (١٠%) ی پۆلی یازدەمی ئامادەییان بۆ هەژمار دەکرێت و نمرەکانیان لە تۆماری گشتی قوتابخانە و لە سستمی(e- parwarda)دا تۆمار دەکرێت،ئەگەر ساڵی دەرچوونی پۆلی (١٠) ی ئامادەییان ساڵی(٢٠١١-٢٠١٢) بە سەرەوە بوو. ئەگەر بە پێچەوانەوە ڕێژەی(١٠٠%) ی نمرەکانی پۆلی(١٢)ی تاقیکردنەوە گشتییەکانیان بۆ هەژمار دەکرێت .

٣- قوتابی و خوێندکارانی پۆلەکانی (١٠ و ١١) ی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی و بازرگانی)،کە مافی خوێندن و دەوامکردنیان نەماوە لە ئامادەییەکانی(ڕۆژ یان ئێواران) بۆیان هەیە لەهەمان بەش و پسپۆڕی،مامەڵەی قوتابی و خوێندکاری دەرەکی پێشکەش بکەن .

٤- ئەو بەشە پیشەییانەی وانە و بابەتی کرداری( پراکتیکی)یان هەیە،مافی پێشکەشکردنی مامەڵەی دەرەکی پۆلەکانی(١٠ و١١) یان نییە.

٥- قوتابی و خوێندکاران و دەرچووانی پۆلەکانی (١٠ و ١١و١٢) ی بەشەکانی(زانستی،وێژەیی،پیشەیی)بۆیان هەیە لە لقێکی جیا لە لقەکەی خۆیاندا بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی دا بکەن،بەو مەرجەی لە پۆلی دەیەمەوە دەست پێبکەنەوە و بە پێی ڕێنماییەکان و بە ڕەچاوکردنی تەمەن و ساڵانی کەوتن.

**<u>سێیەم / ڕێنمایی تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی (١٢) لە قۆناغەکانی ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی:</u>**

١- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە ساڵانی رابردوو پۆلی(١٠ و١١) ی زانستیان تەواوکردووە بەڵام بەشداری تاقیکردنەوەی پۆلی(١٢)ی وێژەییان کردووە یان بە پێچەوانەوە بۆیان هەیە بەردەوام بن لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە کە لە دواجاردا لە پۆلی(١٢) ئەنجامیان داوە و و مەرجە مافی بەشداریکردنیان وەرگرتبێت.ناویان لە بۆردی تاقیکردنەوە گشتییەکان (وەزاری)دا هەبێت و تەنیا ڕێژەی (١٠٠%) ی ئەنجامی تاقیکردنەوەی وەزاریان بۆ هەژمار دەکرێت.

٢- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوارەوە بۆیان هەیە مامەڵەی ئەزموونی بەرایی پێشکەش بکەن بە مەبەستی وەرگرتنی مافی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا لە هەمان لق و پسپۆڕی خۆیان:

أ- ئەوانەی بە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکی لە پۆلی (١١)ی ئامادەیی دەرچوون.

ب- قوتابیان/خوێندکارانی دووەم ساڵ لە پۆلی (١٢)ی ئامادەیی خوێندنی ڕۆژ.

ت- قوتابیان/خوێندکارانی یەکەم ساڵ لە پۆلی (١٢)ی ئامادەیی خوێندنی ئێواران،کە پۆلی (١١) ی ئامادەییان لە خوێندنی ئێواران تەواوکردووە.

ث- ئەو قوتابی و خوێندکارانەی مافی دەوامیان لە ڕۆژدا نەماوە و ئامادەیی ئێواران لە قەزاکەدا نییە .

ج- قوتابی/خوێندکارانی پۆلی(١٢) کە هاوسەرگیریان ئەنجامداوە،بەبێ ڕەچاوکردنی ساڵانی کەوتن و دەبێت داواکار گرێبەستی هاوسەرگیری پەسەندکراو پێشکەش بکات.

٣- قوتابی/خوێندکاری دەرنەچووی دوو ساڵ لەسەر یەکتر لەو ئامادەییانەی زمانی خوێندنیان(عەرەبی/ئینگلیزی/سریانی/تورکمانی)یە و دەوامی ئێوارانیان نییە،بۆیان هەیە بۆ ساڵی سێیەم لە خوێندنگەکەی خۆیان بەردەوام بن یان دوای گواستنەوە بکەن بۆ خوێندنی ناحکومی یاخود ڕێچکەی دەرەکی بگرنە بەر بە پێی ڕێنماییەکان .



Ministry of Education, Koya Street, Iraq
info@moe.gov.krd
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کۆیە
ب.ئەزموونەکان // هەردی معروف سعيد
www.gov.krd/moe azmoonakan@gmail.com
Ibrahim nadir

٤- ئاماژە بە فەرمانی ژمارە (١٢٩٠٧) لە رێکەوتی(١١ی٩ی٢٠٢٢) سەبارەت بە تاقیکردنەوەی چاککردنی تێکرا، هەر قوتابی/خوێندکارێکی لقی(زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بەسەرەوە داوای چاککردنی تێکرا بکات،ئەنجامی دەرچوونی لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ساڵی خوێندنی(٢٠٢٢-٢٠٢٣) هەڵدەوەشێتەوە و تەنیا ئەنجام و نمرەی ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) ی بۆ هەژمار دەکرێت و ئەگەر دەرچوونی بەدەست نەهێنا،دەبێت ساڵی داهاتوو بە رێگەی تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداربوون وەربگرێت لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا. و ئەگەر مافی یەک بابەتی یان دوو بابەتی هەبوو بۆی هەیە مامەڵەی دەرەکی یەک بابەتی و دوو بابەتی پێشکەش بکات.

٥- مامەڵەی دەرەکی راستەوخۆ بۆ هیچ قوتابی/خوێندکارێک ئەنجام نادرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بەسەرەوە.

٦- هەر قوتابی/خوێندکارێکی پۆلی (١٢) ی ئامادەیی(زانستی و وێژەیی و پیشەیی) لە ساڵی خوێندنی(٢٠٢٢-٢٠٢٣)مامەڵەی تاقیکردنەوەی یەک بابەتی و دوو بابەتی ئەنجامدابێت و دەرنەچووبێت یان بەشداری نەکردبێت لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا، تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) مافی هەیە وەک قوتابی/خوێندکاری یەک بابەتی و دوو بابەتی بەشداری تاقیکردنەوە گشتییەکاندا بکات و ئەگەر دەرنەچوو پێویستە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بە رێگەی تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە گشتییەکان وەربگرێت.

٧- قوتابی و خوێندکارانی دەرەکی پۆلی (١٢)ی پیشەیی ئەو بەشانەی بابەتی کرداری(پراکتیکی) یان هەیە،پێویستە تاقیکردنەوەی کرداری تاقیکردنەوە گشتییەکان (جگە لە تاقیکردنەوەی بەرایی) لە گەڵ قوتابی/خوێندکارانی ئاسایی،لە ئامادەییە پیشەییەکان ئەنجام بدەن بەرێگەی لیژنەیەکی تایبەت لە قوتابخانە.

٨- قوتابی/ خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و قوتابی/خوێندکارانی خوێندنی ئیسلامی و دەرچووانی پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە(حکومی و ناحکومی)بۆیان هەیە لە لقێکی جیا لە لق و بەشەکەی پێشوییان،وەک قوتابی و خوێندکاری دەرەکی بەشداری لە تاقیکردنەوەکانی قۆناغی ئامادەیی بکەنەوە بەو مەرجانەی خوارەوە :

أ- بە رێگەی ئەزموونی نیشتیمانی وەزارەتی پەروەردە(یان هاوتاکەی)،پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیان تەواو کردبێت.

ب- بە پێی رێنماییەکان پۆلەکانی (١٠ و ١١ )ی ئامادەیی تەواو بکەن .

ج-بۆ ئەم مەبەستە دەرنەچووان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا،دەبێ بە رێگەی پشتگیری زانکۆ و پەیمانگە بیسەلمێنن کە دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگەن یاخود مافی دەوامیان نەماوە.

٩- پێویستە نمرەی پۆلەکانی (١٠ و ١١ ) ئامادەیی قوتابییە دەرەکییەکان لە سیستەمی(e-parwarda)دا تۆمار بکرێت.

١٠- بە هیچ شێوەیەک قوتابی دەرەکی هاتوو لە دەرەوەی هەرێم(پارێزگاکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان و خوێندکارانی سەر بە قوتابخانەکانی نازحین) وەک قوتابی/خوێندکاری دەرەکی لە قوتابخانەکانی هەرێم وەرناگیرێن،لە هەر قۆناغێکدا بن.

١١- قوتابی/خوێندکارانی خوێندنی خێرا،تەنیا لە ئاستی پێنجەم دەتوانن وەک قوتابی/خوێندکاری دەرەکی بەشداری تاقیکردنەوەکاندا بکەن بە هەمان رێنماییەکانی سەرەوە.

١٢- قوتابی/خوێندکاری خوێندنی ئەکادیمی و بازرگانی پۆلەکانی(١٠ و ١١) و هەموو لق و بەشەکان لە خوێندنی رۆژ یان ئێواران،لە دوای ئەنجامدانی هاوسەرگیری،بۆیان هەیە وەک قوتابی/خوێندکاری دەرەکی مامەڵە پێشکەش بکەن دوای خستنە رووی گرێبەستی هاوسەرگیری پەسەندکراو،بە مەرجێک دواتر داوای گەڕانەوە نەکات بۆ خوێندنی بەیانیان یان ئێواران .

١٣- رێنمایی بەخشین لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، قوتابی/خوێندکاری دەرەکی ناگرێتەوە،جگە لە چاککردنی تێکرا و یەک و دوو بابەتییەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان
بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

حكومة اقليم كوردستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للأمتحانات
مديرية الامتحانات

ژمارە : MOEK-DEX 23 /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٣ کوردی

العدد: ١٠٢٠٢
التأريخ: ٢٠٢٣/٩/٢٦

دەرکرده
وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان

١٤- جگە لەو قوتابی/خوێندکارانەی قۆناغ تەواو دەکەن(دەرچووانی پۆلی نۆیەم) و قوتابیانی خوێندنی پیشەیی کە بەپێی نووسراومان ژمارە (٨٨١٤) لە (٧ی٩ی٢٠٢٣)تەمەنیان لە (٢٨)کەمترە، هیچ قوتابی/خوێندکارێکی تری دەرەکی مافی گواستنەوەی نییە بۆ خوێندنی ڕۆژ یان ئێواران لە قوتابخانە و خوێندنگە(حکومی وناحکومییەکان) .

١٥- سەرجەم قوتابیان/خوێندکارانی دەرەکی،دەبێ ساڵانە لە پەروەردەکان،مامەڵەی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە دەرەکییەکاندا ئەنجام بدەن، بەپێچەوانەوە مافی بەشداریکردنیان لە تاقیکردنەوەکاندا نابێت.

١٦- ئەو قوتابی/خویندکارانەی ناویان لە سستمی(E-PARWARDA) دا نییەلە کاتی پیشکەشکردنی مامەڵەی دەرەکی،پێویستە بڕوانامەی دوایین پۆلی خوێندنی بهێنن (لە هەر پۆل و قۆناغێکدابن) لە گەڵ پشتگیری ئەو قوتابخانەیەی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لێ تەواو کردووە (ئەگەر لە قۆناغی ئامادەیی بێت) و لەسەر ئەو بنەمایە لە سستەم تۆمار دەکرێن.

**١٧- کاتەکانی پێشکەشکردن بۆ بەشداریکردن لە ئەزموونە دەرەکییەکان :**

أ- ( 2023/ 10/ 01 ) تا ( 2023/ 11/ 02 ) بۆ پۆلە ناکۆتاکان و پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و دەرەکی چاککردنی تێکرا.

ب- ( 2023/ 11/ 05 ) تا ( 2023/ 12/ 14 ) بۆ یەک و دوو بابەتی و بەرایی پۆلی (١٢ )ی ئامادەیی .

ت- پەروەردەی قەزاکان دەتوانن هاوکات لە گەڵ مامەڵەی پۆلە ناکۆتاکان و پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و چاککردنی تێکرا، مامەڵەی دەرکی یەک بابەتی و دوو بابەتیش وەربگرن .

**چوارەم / پەروەردە گشتی یەکان و پەروەردەی قەزاکان بەرپرسن لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە وەک خۆی و لایەنی کەمتەرخەم بەرپرس دەبێ لە هەر کەمو کورییەک لە جێبەجێ کردنیان دا.**

**نورالدين عثمان سعيد**
**بەڕێوەبەری گشتی**

وێنەیەک بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە....لە گەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی..لە گەڵ ڕێزدا.
- خولاو.



هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کۆیە
info@moe.gov.krd
Ministry of Education, Koya Street, Iraq
Ibrahim nadir
www.gov.krd/moe azmoonakan@gmail.com
ب.ئەزموونەکان // هەردی معروف سعید